# ڕۆڵی نوێی ژن، هێزی کوردستانە

ئامادەکردنی: فەرهاد شاکەلی.

وەرگێڕانی لە سوێدییەوە بۆ کوردی: ئەمجەد شاکەلی.

هێنی هاراڵد هانسن، فەرهەنگ ـ ئەنترۆپۆلۆگی[1] دانمارکی، یەکێکە لە دانەرانی بنەمای توێژینەوەی مرۆڤناسی، لەمەڕ شوێن و پایەی ژن لە فەرهەنگی ئیسلامیدا. لێکۆڵینەوە و توێژینەوەکانی لەبارەی ژیانی ژنەوە لە عیراق و کوردستان لە دوو کتێبی هێژادا بڵاوکردووەتەوە، کە ئەمانەن:

* ژیانی ژنی کورد The kurdish woman's life

* پشکنین لە گوندێکی شیعەدا Investigations in ashi'a village

لە دەستپێکدا بە توێژینەوەی ئەتنۆگرافییەوە[2] خەریک بووە لە بارەی جل و پۆشاکەوە و واتا و گرنگییان، بەڵام پاشان دەستی بە لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی جڤاکناسی و ئەنترۆپۆلۆگی فەرهەنگیی لەبارەی ڕۆڵی ژنەوە لە نێو ئیسلامدا، کردووە. لە نێزیکەوە توانیویەتی لە گەشەکردن و پێشکەوتنی ژنی کورد و ئاگایی سیاسیی و هاوبەشیی لە خەباتدا بۆ کوردستانێکی ئازاد، ئاگادار بێت.

* نێزیکەی 28 ساڵێک لەمەوبەر ئێوە بۆ دواجار لە کوردستان بوون، گەشتەکەتان بۆ ئەوێ چ واتا و گرنگییەکی هەبوو بۆ خۆتان و بۆ کاری زانستیی ئێستاتان؟

ـ زۆر ڕاستە، من پێش 28 ساڵ دەرفەتی ئەوەم بۆ ڕەخسا، بە ئەندامێتیی دەستەیەکی دانمارکی بۆ پشکنین و لێنۆڕینی دووکان، ماوەی پێنج مانگێک لە کوردستانی عیراق بمێنمەوە. مانەوەشم لەوێ لە شێوەی هاوبەشیی و چاودێریی مەیدانیدا بوو، کە دەکاتە ئەوەی، مرۆڤ دەبێ لەو ژینگەیەدا، کە دەیەوێت لێی بکۆڵێتەوە، بژی و لەو حاڵەتەی مندا دەیکردە ئەوەی، لە نێو ژنانی موسوڵمانی سوننی کورددا بژیم و هەوڵی ڕوونکردنەوە و لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی شوێن و پایەیان لە ماڵ و لە نێو کۆمەڵ و هەروەها لە نێو ئایینی ئیسلامدا بدەم. سەبارەت بەوەی کە ئەو یەکەمجار و (دواجاری) چاوپێکەوتنەم لەگەڵ ژنی کوردستانی عیراقدا چ گرنگییەکی هەبوو بۆ خۆم بە تایبەتی و چ کارێکی کردە سەر کارە زانستییەکانم، دەتوانم تەنێ ئەوە بڵێم، کە ئەو بەیەکگەیشتن و تێکەڵاوبوونەم لەگەڵ ژنی

---

[1] ئەنترۆپۆلۆگ: مرۆڤناس، فەرهەنگ ـ ئەنتۆپۆلۆگ: توێژەر لە بارەی فەرهەنگی مرۆڤەوە، واتە: مرۆڤناس لە ڕووی فەرهەنگەوە.(وەرگێڕ).

[2] توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی نەژادیی مرۆڤ، لە ڕووی جیاوازییە نەریتی و ڕەوشت و هەڵسوکەوتەکانیانەوە.(وەرگێڕ).

ئیسلامدا و بە تایبەتی لەگەڵ ژنی کورددا، زۆر بە نرخ و کاریگەر و پڕواتا بوو بۆ هەموو کارێکی دواترم لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا. من یەکەم ژنێکی دانمارکی بووم، کە خوێندبووم بۆ وەی ببمە ئەتنۆگراف(فەرهەنگ-ئەنترۆپۆلۆگ) و هەر لە دەستپێکڕا ئارەزووم لەوە بوو، لەبارەی جۆرەکانی پۆشاک و جلی گەلانی جیاوازەوە بکۆڵمەوە. لە نێو کوردەکانی کوردستانی عیراقدا وەک ژنێک بۆم ڕەخسا، کە لە نێو ژناندا بژیم و تێکەڵاویان ببم و لەگەڵیاندا هەڵسوکەوت بکەم و لە بارەی ژیانیانەوە پشکنین و توێژینەوە بکەم. مانگ لە دوای مانگ ئەوەم بۆ دەرکەوت، کە چارشێو و عەبا، کە جلێکی تایبەتن بە ژن، بێجگە لەوەی، کە شێوەیەکی جلن و ئیدی بڕین و پارچەکەی هەر جۆرێک بێت، چ واتا و گرنگییەکی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیشیان هەن. ساڵی 1957، چارشێو و حەرەمسەرا، ئەو شوێنەی کە پیاوی بیانیی دەرەوەی خێزانی لێ جیا دەکرایەوە، لە ناوچەیەکی وەک سلێمانیدا لەوپەڕی گەشاوەییدا بوو و لە باری کۆمەڵایەتیشەوە لە نێوان نێر و مێدا جیاوازی دەکرا. هەرچەندە چارشێو و عەبا لە دەرەوەی شار و لە گوندەکاندا بەکار نەدەبران، لەگەڵ ئەوەشدا لەوێش لە ژیانی ڕۆژانەدا لە نێوان پیاو و ژندا، جیاوازی هەبوو. ژیانی پیاو لە دەرەوە و لە نێو جڤاکدا بوو، بەڵام ژنان لە نێو چوار دیواری ماڵدا ژیانیان بەسەر دەبرد. ئەگەر ژنێکیش بیویستایە سەری نێزیکترین شاریش بدات، دەبووایە چارشێو و عەبا بپۆشێت. لە بەر ئەوەی ئارەزووم لە لێکۆڵینەوە بوو لە بارەی جل و بەرگەوە، کاتێک کە سەردانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستم کرد و لەگەڵ دەستەی پشکنیندا چوومە کوردستانی عیراق، ئیدی کەوتمە سەر ئەو هێڵە لە جڤاکناسیدا، کە ئیتر لە کارەکەمدا لە بەحرەین ساڵی 1960 و لە ئێران ساڵی 1963 و لە دوایشدا لە مسر ساڵی 1967، کە ماوەی نۆ مانگی لێ مامەوە، پێڕۆم کرد. کارە توێژینەوە و جڤاکناسییە زانستییە بەراییەکانم، کە لە ئەنجامی تاقیکردنەوەکانمدا لە نێو ژناندا لە کوردستانی عیراق وەدیهاتن و بنیاتنران، لە دوو کتێبدا بە ئینگلیزی بڵاوم کردوونەتەوە کە ئەمانەن:

The kurdish woman's life ژیانی ژنی کورد.

The daughters of Allah کچانی خوا.

ئێستا پاش نێزیکەی 30 ساڵان، خۆشبەختانە ئەو دوو کتێبە وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی کوردی و چاپ کراون[3]. من ئەوە بە شەرەفێکی مەزن دەزانم، کە یەکەم کاری توێژینەوەی کۆمەڵناسیی زانستیم و ئەنجامەکانی، ئێستا لە لایەن نوێنەرانی ئەو گەلەوە، کە باسی ژنەکانیان دەکات، دەخوێنرێتەوە. یەکەم و تاکە سەردانم لە کوردستانی عیراق و ژیانم لە نێو ژنانی کورددا واتایەکی کاریگەر و گرنگی بە پێشکەوتن و کاری پاشترم بەخشی.

---

[3] کتێبی(The kurdish woman's life)، ماموستا عەزیز گەردی، وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و بە نێوی (ژیانی ئافرەتی کورد)ەوە ساڵی 1983 لە بەغدا لە لایەن کۆڕی زانیاری عیراق _دەستەی کورد_ەوە چاپ کراوە. کتێبی (The daughters of Allah) یش د. ناجی عەبباس کردوویەتی بە کوردی و بەنێوی (کچانی کورد)ەوە ساڵی 1980 لە لایەن کۆڕی زانیاری عیراق _دەستەی کورد_ ەوە بلاو کراوەتەوە. (وەرگێڕ).

* ژنانی ئیسلام(بە ژنی کوردیشەوە) لە زۆر ڕووەوە لە یەک دەچن، بەڵام لە لایەکی دیکەشەوە جیاوازیی مەزن لە نێوان ژنانی کورد و ژنانی گەلانی نێزیکیدا هەیە. ئایا بینینی ئەو جیاوازییانە لە کاتی دەستپێکردنی لێکۆڵینەوەکەتاندا هاسان بوو بۆ ئێوە؟

_ وەک پێشتر باسم کرد، من توێژینەوە جڤاکناسییە زانستییەکانم لە نێو ژنانی کوردی کوردستانی عیراقدا دەستپێکرد و ئیدی ئەو ژنانە بۆ من بوونە پێوەرێک، کە دەبووایە ژنی ئیسلام چۆن بووایەن. بێجگە لەوەش دواتر بۆم دەرکەوت، کە مێژووی سیاسیی پڕ لە ئەندێشە و ڕووداو و کارەساتی کورد، چەشنە ژنێکی تایبەت و هۆشیاری لە نێو ژنانی ئیسلامدا چێ کردووە، جۆرە ژنێک، کە بێگومان لە نێو کۆمەڵگەکانی تری ئیسلامدا، کە دەیانتوانی ژیانێکی ئاسوودەتر و کەمگۆڕانکاریتر لە باری کۆمەڵایەتی و لە باری سیاسییەوە بڕەخسێنن، وەدی ناکرێت. ئێستاش کۆمەڵە ژنێکی جوان و سەربەرزی کوردم دێنەوە یاد، کە لەو باوەڕەدام نموونە و هاوتایان لە کۆمەڵگەی دیکەدا نابینرێن.

* چۆن باسی بنگەی کۆمەڵایەتی لە کوردستانی باشوور(کوردستانی عیراق)دا دەکەن لە کۆتایی ساڵانی 1950کاندا، ئەو کاتەی کە ئێوە چووبوونە کوردستان؟

بنگەی کۆمەڵایەتی لە کوردستانی عیراقدا بە هیچ شێوەیەک بابەت و مەبەستی لێکۆڵینەوەی من نەبوو، لە ماوەی ئەو پێنج مانگەی کە لەو وڵاتەدا مامەوە. توێژینەوە زانستییەکانی من بە تەنێ لەمەڕ شوێن و پایەی ژنەوە بوو لە نێو ئایین و خێزان و کۆمەڵدا، لەبەر ئەوەی من وەک ژن تاکە دەرفەتێکم هەبوو بۆ ئەوەی لەنێو دەستەی ژناندا، سەرقاڵ بم و پەسەند بکرێم. وەکی دی دەمەوێ ئاماژە بە کتێبەکەی فرێدریک بارت "Principles of Social Organization in Southern Kurdistan" بنەماکانی ڕێکخستنی جڤاکیی لە خوارووی کوردستان، بکەم، کە ساڵی 1953 دەرچووە.

* بێگومان کتێبەکانی ئێوە لەمەڕ ژنانی کورد لەنێو باشترین سەرچاوەکاندا دادەنرێن لەو بوارەدا و هەروایش دەمێننەوە، ئەگەر لێکۆڵینەوەی نوێ نەکرێت. بۆچی هیچ لێکۆڵینەوەی نوێ ئەنجام نادرێت؟

_ هۆی ئەنجامنەدانی توێژینەوەی زانستییانەی وەک ئەوانەی من لەنێو ژنانی کورددا، بێگومان دەگەڕێتەوە بۆ بار و دۆزە سیاسییە ئاڵۆزەکەی، کە لەو کاتەوەی من لەوێ بووم، باڵی بەسەر کوردستانی عیراقدا کێشاوە.

* لە ساڵانی 1950کاندا ژنانی کورد، کچ و ژن و دایک و خوشک بوون، بەڵام لە 1960 و 1970کاندا زێتر چوونە نێو کاری سیاسییەوە و بوون بە تێکۆشەری ڕێگەی ئازادی. ئایا چاوەڕوانیی ئەوەیان لێ دەکرا و ئەوان ئامادە بوون بۆ بینینی ڕۆڵی نوێی خۆیان و ئەو بەرپرسیارییەی کە بە هۆیەوە چێ بوو؟

_ بە دیتنی من، هیچ ژنێک لە ژنی کورد باشتر نەیدەتوانی ئەم ڕۆڵە نوێیە ببینێت و هیچ کەسێکیش لە ژنی سەربڵندی کورد باشتر نەیدەتوانی خەبات بۆ ئازادی گەل بکات. من بەو شێوەیە ژنی کوردم ناسیوە.

* ئایا بیرتان لەوە کردووەتەوە، لەبارەی ژیانی ژنی کوردەوە، بەردەوام بن لە توێژینەوە، بە تایبەت کە گۆڕانکارییەکی زۆر و مەزن لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا ڕوویداوە؟
_ ئێستاکە زۆریی تەمەنم(من ساڵی 1900 هاتووەتە دنیاوە) زیاتر ڕێگەم لێدەگرێت، گەشتی دەرەوە بکەم و کاری مەیدانی بکەم. من دەبێ بەوە قایل بم، کە خەریکی ئەو تاقیکردنەوە و کەرەسانە بم، کە کاتی خۆی هێناومنەوە بۆ ماڵ پاش گەشت و پشکنینەکانم لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا لە نێوان ساڵانی 1957 و 1968دا.
* ئێمەی کورد زۆر شانازی بە دۆستانی دەرەوەی وڵاتمانەوە(کوردناسەکان) دەکەین، بەڵام لە هەمان کاتیشدا سەرمان لەوە سووڕدەمێنێت، کە بۆچی لەم کاتە ناسک و ئاڵۆزەی مێژووی گەلەکەماندا، کە کاتێکی دژوارە بۆ ئێمە و هەڕەشەی لەنێوبردنمان لێ دەکرێت، دەنگیان نابیسین؟
_ من گلەییکردن لە دۆستانی کورد لە دەرەوەی وڵات، کە دەنگیان لێوە نایەت بۆ بەرژەوەندی گەلی کورد، بە ناسوپاسگوزاری و ناڕەوایی دەبینم. وەک من دەیبینم لە ئەمەریکا و لە نۆرویژ و لە سوێد دەنگیان دەبیسرێت.
* کە زانیتان کتێبەکانتان وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی کوردی، هەستتان بە چی کرد؟
_ سەبارەت بە وەرگێڕانی هەردوو کتێبەکەم: The kurdish woman's life, The daughters of Allah بۆ کوردی، هەستم بە شادییەکی زۆر کرد و ئەو کارەشم بە شەرەفێکی زۆر گەورە دانا. لە هەمان کاتیشدا یەکەم پرسیارم ئەوە بوو، ئایا من بە شێوەیەکی دادوەرانە ئەوەم بۆ دۆستانی کوردم و بۆ فەرهەنگی ئەوان کردووە، کە سوودی وانی تێدا بێت؟ یا ئەوەی من نووسیومە بەو شێوە نرخ و بایەخیان هەیە کە خۆم دەمویست؟ پرسیاری ئەوەشم لە خۆم دەکرد، کە ئایا من هێندە تێگەیشتووم لەو خەڵکانەی کە بینییانم و بوون بە دۆستم؟ و ئایا سەرکەوتووم لەوەی، کە بە شێوەیەکی ڕێکوپێک ئەو دیدار و کاریگەرییە گەورەیەی، کە فەرهەنگی ژنانی کورد کردوویەتییە سەرم، بیگەیەنم بە خەڵک؟ چەند چەسپیو و لەبیرنەچووە یادی ئەو دیدارەم لەگەڵ ژنی کورددا. قووڵترین هیوا و ئاواتیشم ئەوەیە، کە کتێبەکانم هەم ستایش و هەم خۆشەویستیم بۆ گەلی کورد دەرببڕن.
* چ مۆچیارییەکتان هەیە بۆ گەلی کورد بە گشتی و ژنی کورد بە تایبەتی؟
_ بۆ گەلی کورد هیوای ئەوەم هەیە، بگات بەو ئامانجانەی وا خەباتی بۆ دەکات. بۆ ژنانی کوردیش دەمەوێ پێیان بڵێم، کە پارێزگاریی شوێن و پایەی خۆیان لە ڕەوتی بەرەوپێرەوەچوونی ژیاندا بکەن. بەشێکی زۆر لە هێزی کۆمەڵ لەکن ژنانە. لە کاتێکدا، کە پیاوان دژی هەموو جۆرە چەوساندنەوەیەک خەبات دەکەن، ڕۆڵی ژن لە کاتێکی وا ئاڵۆزدا ڕوون و ئاشکرا دیارە، کە دەبێ ئاگاداری منداڵ و ئاژەڵی ماڵ بکەن. کۆمەڵگەیەکی خەباتکار دەبێ بەرەیەکی ماڵیشی هەبێت لە ژنان. ئەوەش ڕۆڵێکی زۆر گرنگە بۆ ژنی سەربەرزی کورد.

## لەبارەی ژیانی هێنی هاراڵد هانسنەوە:

ساڵی 1900 لەدایک بووە. لە سەردەمی لاویدا خەونی بەوەوە دەبینی، کە ببێتە هونەرمەند(نیگارکێش)، بەڵام باوک و دایکی ناردیانە پاریس، بۆ ئەوەی لە مۆدەخانەیەکی فرانسی بەناووبانگدا دروومان و بەرگبڕین بخوێنێت. لەوێ شارەزاییەکی زۆری لە زانیاری مۆدە و شێوەی بڕین و نەخشەدانان و پێشاندانی جل و بەرگدا پەیدا کرد، کە پاشان یارمەتییەکی زۆری دا، لە کاری زانستی و پێشکەوتنیدا. مێردکردن و پێکەوەنانی خێزان دایبڕی لە کار و بۆپێشەوەچوونی لەو بوارەدا. لە سالانی 1940کاندا دەستی کردەوە بە خوێندن و لە 1941دا، بە هۆی ئەو زانیارییە فراوانەی لەبارەی جل و مۆدەوە هەیبوو، بوو بە یارمەتیدەری زانستیی بەشی ئەتنۆگرافی لە مۆزەی میللی دانمارک. دوای چەند ساڵێک بە جلە مۆنگۆلییە کۆکراوەکانی مۆزەکەوە خۆی خەریک کرد و لە ساڵی 1951دا کتێبێکی بە نێوی: جلی مۆنگۆلی "Mongol Costumes"، نووسی. ئەو کتێبە، بە کارێکی بنگەیی دەژمێردرێت چ لە ڕووی سیستم و چ لە ڕووی ئەتنۆگرافییەوە. هەر ئەو ساڵە 1951، لە زانستگەی کۆپنهاگن خوێندنی تەواو کرد و لە دانمارکدا بوو بە یەکەم ژنی ئەنترۆپۆلۆگ. ساڵی 1954 کتێبی: "Kavalkade Klaededregtens"، (قەتارەی پۆشاک یا ڕێڕۆی پۆشاک)ی چاپکرا. ئەو کتێبەی لە هەموو کتێبەکانی زێتر بلاوبووەتەوە و لە هەمووشیان زێتر خوێنراوەتەوە و کتێبێکی بە ناووبانگی زانستییەوە و وەرگێڕدراوەتە سەر یازدە زمان. لە سالانی 1950کاندا دەستیکرد بە توێژینەوە فرەسەرنجڕاکێشەکانی لەبارەی فەرهەنگی ئیسلامەوە.هانسن، هاوبەشیی لەو دەستە ئەنترۆپۆلۆگییەدا، کە ساڵی 1957 نێردرابوون بۆ دووکان، کرد و لە 1960دا لە بەحرەین و لە 1963دا لە لوڕستان لە ئێران و 1966-1967 لە مسر کاری مەیدانی ئەنجامداوە. تەنانەت سەردانی یۆگسلاڤیا و تورکیای کردووە و لەوێش کاری توێژینەوەی، لە بارەی فەرهەنگی ئیسلامەوە، کردووە. لە زۆربەی ئەو شوێنانەی، کە بۆ پشکنین بۆی ڕۆیشتووە، لەگەڵ خۆیدا شتومەک و کەرەسەی ئەتنۆگرافی هێناوەتەوە، بۆ مۆزەی میللی کۆپنهاگن. ئەو وەنەبێ بە تەنێ ئارەزووی لە لایەنی ماددی بووبێت لە فەرهەنگی ئیسلامیدا، بەڵکە توێژینەوەکانی هەموو لایەنە فەرهەنگییەکان دەگرنەوە، بە تایبەتییش شوێن و جێگەی ژنی ئیسلام، هەم لە لایەنی ئایین و کۆمەڵایەتییەوە و هەم لە لایەنی سیاسییەوە. لە ڕاستیدا ئەوەش، کە لە بواری توێژینەوە و لێکۆڵینەوەکانیدا یارمەتی داوە، ئەوە بووە، کە ئەو بۆ خۆی لە لایەکەوە ژن بووە و لە لایەکی دیکەشەوە چووبووە نێو ساڵەوە. کاتێک کەبۆ یەکەم جار بەشداریی کاریی مەیدانی کرد، تەمەنی 57 ساڵ بوو. ئەو دوو هۆیە، بە چاکی و ڕێکوپێکی کۆمەکیان پێ کرد، کە بە شێوەیەکی کارا و هاسان بچێتە نێو جیهانی ژنی ئیسلامەوە، کە ئەوە مەیدانێکی داخراو بوو بۆ هەڤاڵ و هاوکارە پیاوەکانی. بە هۆی چەند ساڵێکی خەریکبوونی بە لێکۆڵینەوەوە لەبارەی ژنی ئیسلامەوە، دەڵێت:"تێگەیشتن و هەڵسەنگاندنمان، بۆ نموونە، لەبارەی بەکاربردنی چارشێوەوە، یا لەبارەی سیستمی حەرەمسەراوە، هەڵە بووە و ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ، بەهەڵەتێگەیشتن و بەهەڵەشیکردنەوە و بەهەڵەلێنۆڕینمان لە شتەکان".

ئەمەش لە هەردوو کتێبەکەیدا: The kurdish womans life 1971 (ژیانی ژنی کورد) و Investigations in ashi’a village 1968 (پشکنین لە گوندێکی شیعە)دا، دەردەکەوێت، کە لەوێدا لە ڕۆڵی ژن، لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و سیاسییەوە لە ئایینی ئیسلامدا، دەدوێت. سەرەڕای کارە ئەنترۆپۆلۆگییە مەیدانییە گرنگەکانی و چەندساڵێکی توێژینەوەشی لە باشووری ڕۆژاوای ئاسیادا، ماوەی 25 ساڵ زیاتر هاوکار و یاریدەری زانستیی مۆزەخانەی میللی لە کۆپنهاگن بووە. کارە پێشەنگییە ورد و ڕێکوپێکەکانی هانسن لەبارەی ژنی ئیسلامەوە لە ڕۆژهەڵاتی نێزیک و دوور، بایەخێکی زۆری پێدراوە و بە ڕێزەوە تێی ڕوانراوە و هەڤاڵە ئەنترۆپۆلۆگەکانیشی ددانیان بە مەزنییدا ناوە، هەر وەک چۆن ددانیشیان بە مەزنیی لێکۆڵینەوە ئەتنۆگرافییەکانی پێشتریشیدا لەبارەی جل و بەرگ و گرنگییەوە، ناوە. هانسن، ساڵی 1967 کرا بە سکرتێری گشتیی مۆزەخانەی میللی دانمارک و ساڵی 1979 بە بۆنەی ئاهەنگگێڕانەوە بە 500 ساڵەی دامەزراندنی زانستگەی کۆپنهاگنەوە بڕوانامەی دوکتۆرای شەرەفی زانستییان پێ بەخشی لە کۆمەڵناسی و مێژوودا.

ئەمەی خوارەوەش نێوی ئەو کارانەیە، کە هێنی هاراڵد هانسن، نووسیونی و پێوەندیان بە کوردستانەوە هەن:

1958 Allaȟ s dØtre. Blandt muhammedanske kvinder i Kurdistan. KØbenhavn.

1958 Kȟe deklip fra Kurdistan. Hjemmets Verden no. 1o.

1960 Daughters of Allah: among muslim women in Kurdistan. London

1961 The Kurdish woman’s life. Field research in a muslim society, Iraq. Nationalmuseets Skrifter, Etnografisk Række 7. KØbenhavn.

1963 Growing up in two diferent muslim areas, Field research in Iraqi Kurdistan and in Bahrain in the Persian(Arabian) Gulf. Folk 5, pp. 143-156. KØbenhavn.

1967 Kurdene og Kurdistan. Jordens folk 3. arg. nr 4, pp. 153-162. KØbenhavn.

* ئەم گوتارە بۆ جاری یەکەم لە گۆڤاری (Svensk-kurdisk Journal)ی ژمارە 2ی ساڵی 1985دا، کە لە لایەن (کۆمەڵەی فەرهەنگیی سوێد _ کوردستان)ەوە لە سوێد دەردەچوو، بڵاو کراوەتەوە. لە 1986یشدا، کراوەتە کوردی. (وەرگێڕ).